# پلان
# دەربارەی بێ پلانی ئیدارەی كوردی بۆ یەكگرتنەوە!



سۆران عەبدوڵڵا
soranmail@medenyet.org

**بەرایی پلان**

تێرمێكی لاتینیەو بەكارێك دەوترێت كە مرۆڤ بەر لەكردنو ئەنجامدانی هەركارێكی دی، بۆ مسۆگەركردنی سەركەوتنەكانی داهاتووی پێویستە ئەنجامی بدات، لەگشت دونیادا پلان لەوكاتەی كە دەچیتە قوتابخانەی سەرەتاییو لەیەكەم كردەی فێركاری تاكەكاندا، ئەولەویەتی دەبێتو وەك زەرورەتێكی مرۆیی ئێجگار پێویست خاەو ناخاە فێری تاكەكانی كۆمەڵی دەكەن، بۆنمونە پێت دەڵێت تۆ پێویستە پلانت هەبێت بۆ دابەشكردنی كاتەكانت چ بۆ یاریكردنو چ بۆ وانە نوسینەوەو چ بۆ خۆشوشتنو چ بۆ گۆێڕایەڵیو چ بۆ هەموو كردەكانی دیكە. بەداخەوە ئەم تێرمە لەكۆمەڵی كوردیدا بایەخێكی ئەوتۆی پێ نەدراوە، كەدیارە ئەمەش بەرمەبنای ئەو بۆشەوانیە زۆرە دێت كە مەودای بیری سیاسیو ئیداری كوردی پێیدا تێپەڕیوە، نەبوونی ئەم كردەیە رەنگە زیاتر بگەڕێنرێتەوە بۆ نەبوونی كەسانی شارەزاو راهاتوو لەسەر ئەو كارە، ئەمەش وایكرد مێژووی گۆڕانكاریەكانی كوردستان بەئاقارێكی ناجێگیردا ببێتو چەندین هەڵەی لێنەبوردراوو گەورە رووبدات لەرەوتی مێژووی پڕ هەڵبەزو دابەزی ئەم گەلەدا.

گۆڕانكاریە نێونەتەوەییەكانو ناوچەییەكان وایكرد ئەو خەونەی كە هەرگیز رێیتێنەدەچوو بەو نزیكانە بێتە دی، دواجار بەهاوكاری زلهێزانی دونیاو لەسەرو هەمووشیانەوە ئەمەریكاو هاوپەیمانانی، بێتەدیو كوردستان لەژێر دەستی حكومەتی بەعس بێتەدەرو سەرجەم خەباتوماندوبوونو ئەو خوێنانەی كە بۆی رژێنرابوو بێنە بەرهەمو سێ پارێزگای كوردستان ئازادبێتو بدرێتە دەست ئەو كوردانەی كە چەندین ساڵ بوو خەباتی بێوچانیان بۆ دەكردو ببنە خاوەن ماڵ.

دواتریشو لەپرۆسەی ئازادی عێراقدا گشت كوردستان هاتەوە ژێر دەستی كوردەكان، بەجۆرێك پایتەختی بەعسیەكان بەر لەزۆر شاری تر ئازادكرا، لەو كاتانەدا ئەندامێكی بەرپرسێكی باڵای یەكێك لەپارتە سەرەكیەكان وتی: "جاران گەر مەفرەزەیەكمان لەهێزەكانی رژێمی بدایەو چەند پارچە چەكێكمان دەستكەوتایە، بەكارێكی بێ وێنەو زۆر گرنگمان دەژمارد، ئەوەتانێ ئێستا لەچەند شەوێكداو بەكەمترین قوربانی كەركوكو خانەقیو شەنگارو

مەخمورو ...هتد، بەگشت عێراقیشەوە ئازادکرا، بەراستی سەیرە". مەبەستم لەم نمونەیە شەرعیەتدانە بەهەندێك هەڵەو کەموکوڕی لەنەزانینی بەرێوەبردنو ئیدارەی دەوڵەتدا، کە دیارە نەزانینیش بۆ خۆی کاتو شوێنی دیاریکراوی دەبێت، درێژەکێشانی نەزانینو دووبارەکردنەوەی هەڵە، زیانەکانی زۆر لەوە زیاتر دەکات کەوێنا دەکرێن.

## بێ پلانی لە رێژەی ژنان دا

**پێوەرەکان بۆ ژنان (25٪) یەکسانە بە (2.5٪)**

حکومەتی یەکگرتووی کوردستان راگەێندرا، بەئاشکرا قۆڵی ژنی کوردی تێدا بڕاو نەك (25٪) بەڵکو چارەکی ئەوەشیان پێ نەدراو ژنیش وەك هەمیشە جگە لەبۆڵەبۆڵو کۆڕو سیمینارو گلەیی‌و یاداشت هیچیان پێنەکرا، ئەمە لەکاتێکدا نوێترین ئاماری رێکخراوی جیهانی ژنانی سەر بەنەتەوە یەگرتووەکان ئەوە دەردەخات کە: "ئەو دامو دەزگایانەی کە لەدوونیادا ژنان بەرێوەی دەبەنو کارگێڕی دەکەن، بەرادەیەکی بەرچاو سەرکەوتووترو رێکوپێکترە لەو شوێنە هاوتایانەی کە پیاوان بەرێوەی دەبن، ژنان ئاسانتر دەتوانن کێشەکان بتوێننەوە، زووتر دەتوانن دەزگایەك رێك بخەن، وەك چۆن زورتر دەتوانن ماڵێك رێکبەخەن". ئەمە تەنها بەحکومەتی کوردیدا بەدیارناکەوێت، بەڵکو رەگوڕیشەی بێدەسەڵاتیەکانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ژنان لەئاستی سەرکردایەتی‌و کەسایەتی بیرکەرەوەی سیاسیدا لەنێو پارتە سیاسیەکاندا، خواستی ژنان لەئێستادا ئازادی رادەربڕینو هاتنەدەرەوە نیە لەماڵ، بەڵکو رێگەپێدانیانە بۆ بەشداری سیاسی‌و ئیداری لەنێو دەوڵەتدا، پارتە سەرەکیەکانی کوردستان هەردوولا خۆیان بەخەستەی عەلمانیەت ناودەبەن، بەداخەوە نە لەسەکردایەتی‌و نە لەمەکتەبی سیاسیاندا ژن نابینرێت، ئەمە لەکاتێکدا پارتە ئیسلامیە توندرەوەکان ژن لەمەکتەبی سیاسیاند بوونی هەیەو بەوپەڕی ئاکتیڤیتی خۆیەوە مومارەسەی قەڵەمڕەو (ئۆتۆریتی) سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و بڕیادەریی خۆی دەکات. لەم رووەوەو بۆ جەختکردنەوە لەسەر پشکی بەشداری ژنان لەم حکومەتە نوێیەدا، جێی تێڕامانە، کەسێکی چالاکی وەك (مەهاباد قەرەداغی) لەپۆستەکەی خۆیدا مابێتو تەنها بەناردنی سکاڵانامەیەك بۆ یەکێتی ئیکتیفای کردبێت، ئەم خانمە راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ کاروباری یەکسانی رەگەزی، زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، زۆربەی دیوارەکانی هەولێرو سلێمانی ریکلامە بۆ ئەم راوێژکارە بەرێزەو سەرنجی ژنان رادەکێشێت بەلای خۆیدا گوایە لەکاتی بوونی چەوساندنەوەی رەگەزیدا دەتوانن پەنا بۆ ئەوێ بەرن، ئەمە لەکاتێکدا بەئاشکراو لەگەورەترین ناوەندی دەسەڵاتتدا کەپەرلەمانو دابەشکردنی وەزارەتەکانە بەئاشکرا رێژەی بڕیارلێدراو بۆ ژنان پێشێلکراو هاورەگەزەکانی مەهاباد خان چەوسێنرانەوە، لەبەرامبەردا جگە لەسیمیناری هەفتەی هەڵوێست لەسلێمانی‌و مناگرتنێکی گچکەی بەردەم پارلەمان شێلگیری‌و هەڵوێستێکی ئەوتۆی دیکە نەبینرایەوە.

بەم پێیە ئەم حکومەتە نوێو مێدێرنەی ئێستای کوردستان، لەسەر بنەمای بێ پلانیەکی گەورە بونیاد دەنرێت، کە ئەویش نەبونی پلانی بەشدارییپێکردنی ژنانە تێیدا.

## بێ پلانی‌و کێشەو دەرەنجامەکانی لەئاستی باڵادا

پاش یەکگرتنەوە کێشەی پۆستە باڵاکان لەلایەن سەرۆکایەتی حزبەکانەوە بڕێنرایەوە، ئێستا ئەو کۆمەڵە وەزیرەی کە دەستنیشانو کاندیدکراون بۆ پۆستەکانیان متمانەی خۆیان وەرگرتو بودجەی خۆیانیان بۆ دابینکراو

سەرجەم کاروبارە یاساییەکانیان ئەنجامدا، بەسوێندی یاساییشەوە، لەم بارەیەوە هاوڵاتیەك کە بەدرێژایی تەمەنی گوێی لەهەواڵەکان گرتووەو بەردەوام خوازیاری دونیایەکی ئاسوودەترو خۆشترە بۆ خۆیو خێزانو میللەتەکەی وتی: "ئەم وەزیرە بەرێزانە دەبوایە پلانو بەرنامەی کاری خۆیان بەیانکردبایە بۆ میللەتەکەیان، تاکو بزانرێت ئەم بەرێزە چی دەکاتو چی لەبەرنامەیدایەو چاوەڕێی چی لێبکرێت؟" .

لەم رووەوەو لەدەستپێشخەریەکی کەم وێنەدا (عیماد ئەحمەد) لەسەر ئاستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی یەکگرتوو، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، هەندێك بەرنامەو کاری خۆی خستەروو، کە پێناچێت لەرووی پلانێکی نەخشە بۆ دراڕێژراوو نوسراوەوە بووبێت، چونکە تا ئەو کاتەی کە بەرێزیان ئەو هەموو بەرنامەو پلانانەی خوێندەوە، سنووری دەسەڵاتی وەزارەتەکەی نادیاربوو، بودجەی وەزارەتەکەی نادیاربوو.

لێرەوەو بەبێ چوونە ناو درێژەی یەك بەیەکی وەزارەتەکانەوە، ئەوەمان لاروون دەبێتەوە کە وەزارەتەکان بەشێوازی زۆر رەمزیو لەسەر بنەمای پلەوخزمەتی حزبی دراونەتە وەزیرەکانیان، کە دەرەنجام دەکاتە یەکێك لەبێ پلانیەکانی دیکەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان.

### کێشە گشتگیرەکانی بێ پلانی بۆ چینی ناوەند

بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی پێشوو، نزیکەی 160000 سەدو شەست هەزار کارمەند لەبەرێوەبەری گشتیو بەرێوەبەرو جێگرو شارەزارو نوسەرو کارگێڕو تادەگاتە شۆفێرو کارگوزارەکانو ...هتد لەسنوری دەسەڵاتی ئەو حکومەتەدا موچەیان وەردەگرت، لەسەردانێکماندا بۆ یەکێك لەوەزارەتەکانی ئەوکاتی ئیدارەی سلێمانی، لەگشت ژوورەکاندا کارمەند یاخود (موچەخۆر)ێکی زۆر بەرچاودەکەوتن، لەوبارەیەوە کارمەندێکی وەزارەتی رۆشنبیری پێی راگەیاندین: "ئێمە لەم ژورەدا نزیکەی 20 کارمەندینو جاری واهەیە بەهەمومانەوە تەنها کاری بەرێکردنی نوسراوێکی رەسمی وەزارەت ئەنجام دەدەین، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی بێزاز نەبینو توشی مەلەل نەبین، هەندێکمان بەدرێژایی هەفتەکە جگە لەئیمزای هاتنو رۆشتن، هیچ ئیمزایەکی تر ناکەین".

سەرەتا هەڵاوساوییەکی ئیداری زۆر لەدامەزراندنی ئەو کەسانەدا دروستبووە، ئەویش بەهۆی نەبوونی پلانو رەچاونەکردنی میلاکاتی پێویستی ئیدارەکان لەکاتی دامەزراندا. پاشان ئێستاش ئەم هەڵاوسانە دوو هێند دەبێتەوەو دەئاخنرێنە ژێربالی دائیرەکانی تری نێو حکومەتی یەکگرتوو، بەجۆرێك کە هیچ پلانێکی رازیکەرو پێویست لەئارادا نییە بۆ خانەنشینکردنێکی شیاوی ئیداری بۆ بەساڵاچووانو جێگرتنەوەیان بەکەسانی لاوو شارەزا لەبوارەکاندا.

ئێستاو پاش یەکگرتنەوەی ئیدارەکان لانی کەم نزیکەی (100000) سەد هەزار کارمەند پێویستە حەل بکرێن، واتە بنێردرێنە پایتەخت بۆ کارکردن لەبەرامبەر (157000) سەدو پەنجاو حەوت هەزار دینار (بەگشتی)، یاخود نەقڵی شوێنەکانی تری ناو شاربکرێن، لەم بارەیەوە کارمەندێکی بەئەزموونی بواری کارگێڕی وتی: "گەر برێك شانسو واسیتەت هەبێت، نەقڵی (کارمەندخانە)یەکی تری بێ ئیش دەکرێیت، ئەگەر نا ئەوە پاڵێکت پێوەدەنێنو مەرسومێکی خانەنشینیت بەروبعی موچەکەت بۆ دەردەکەن، یاخود لەبەدبەختە نانبڕاوەکان دەبیتو دەتنێرنەوە ماڵەوە".

بەم پێیەو لەئێستادا چەندین موچەخۆری ئەم حکومەتە لەدوودڵیەکی فراواندا دەژینو دڵنیانین لەئایندەیان

چۆن دەبێت، وەك چۆن زرۆبەی ڕێکخراوو سەندیکاو دامەزراوە مەدەنیەکانیش هەمان کێشە چاوەڕێیانە، کە دیارە ئەمەش پێویستی بەپلانێکی ورد هەیە بۆ چارەسەرکردنی.

## بێ پلانیو دڵەراوکێی هەڵوەشاندنەوەی دەزگا، لەجیاتی دامەزراندنی دەزگای نوێ

نزیکەی (50) کارمەندو ئەکادیمیو دکتۆرو شارەزا لەدەزگای تەکنەلۆژیاو توێژینەوەی زانستی بەوپەڕی نیگەرانیەوە چاوەڕێی چارەنوسی نادیاری خۆیان دەکرد، کتوپڕ (10) کارمەندی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەڵوەشاوە گەشتنە ئەو دەزگایەو بڕیاریان پێبوو کە ئیدی لەو شوێنە دەوام بکەن، لەوبارەیەوە دکتۆرێك لەو دەزگایە پێی ڕاگەیاندین: "ئێمە خۆمان چارەنوسیمان نادیارە، ئەوەتا چەند کەسێکی تریشیان بۆ ناردین، بەڕاستی ئەم دەزگایە زۆر پێویستە بمێنێت، دونیای ئێستا دونیای توێژینەوەو تەکنەلۆژیاو زانستە، کێشەکەمان ئەوەیە حکومەت لەم ڕستەیەمان تێناگاتو بەنیازن دەزگاکەمان هەڵوەشێننەوە".

هەندێك دامو دەزگا هەیە کە داهێنانی یەکێك لەئیدارەکانەو پێویستە ئێستا چارەنوسی یەکلایی بکرێتەوە، بۆ نمونە (دەزگای تەکنەلۆژیاو توژینەوەی زانستی کوردستان) کە دەزگایەکی تایبەتە بەتوژینەوەی زانستیو لەئاستێکی زۆر ئەکادیمیو سەرکەوتوودا خەرکی کارکردنن لەسەر چەندین پرۆژەی گرنگی کوردستانو تازە بەتازە دەستیان کردووە بەچنینەوەی بەروبوومی چەند ساڵەی کارکردنیانو هەمووی چەند مانگێك دەبێت ئامێرو پێداویستیە گرنگەکانی کارکردنیان بەچەندین ملیۆن دینار لەدەرەوەی هەرێم بۆ هاتووە، لەبەرئەوەی پێشتر ئەم دەزگایە تەنانەت لەحکومەتی هەرێمی سلێمانیشدا بەباشی پێناسەنەکراوەو چارەنووسی دیارینەکراوە، ئێستا بەو بیانووەی کە لەتەعریفەی حکومەتەکەی هەولێردا شتی وانیە، پێویستە یان ئەوەتا هەڵوەشێتەوەو شتەکانیان هەڕاج بکرێت، یان ئەوەتا بچوکبکرێتەوەو ببرێتە ناو زانکۆوەو سەرەڕای ئەوانەش ببرێتەوە هەولێر، نەبوونی پلان وادەکات حکومەتێك لەجیاتی داهێنانو فراوانکردنی بواری تەکنەلۆژیاو توژینەوەوە کە دیارە بڕبڕەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، نەك ئەوەی پەرەی پێ نەدرێت، بەڵکو پلانی هەڵوەشاندنەوەی دابڕێژرێتو لەخشتەببرێت.

## دەرەنجام

لێرەوەو پاش ئەم بەدواداچوونە، ئەوەمان لاڕووندەبێتەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلانێکی ئەوتۆی دانەڕشتوە بۆ یەکگرتنەوەو کارکردنی هاوبەش پێکەوە، بریکاری وەزیری وا هەیە لەبانکەوە پێی دەوترێت ئیدی ئیمزای سەرفکردنی جەنابت ناخوات، کادرە ئیداریەکان هەردوولا ڕانەهێنراون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کێشە گەورانەی کە پاش یەکگرتنەوە دێنەئاراوە، پێمانوایە حکومەت پێویستە زیاتر کار لەسەر دارشتنی پلان بکات بۆ بەجێگەیاندنی زۆرترین بڕی خزمەت بەهاووڵاتیانو بەڕێوەبردنێکی تەندروست لەڕووی ئەرکو مافەکانەوە.